**پشت بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢و مادەی (١٧) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٦ ) ی ساڵی ١٩٩٣ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا ئەم نیزامەی خوارەوە دەر بکات : .**

## نیــــزامی ژمـــارە (١) ســـاڵی ٢٠٠١

## نیزامی هەڵبژاردنی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم :**

هەڵبژاردنی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمدا بە شێوەی هەڵبژاردنی راستەو خۆ و لە رێگای دەنگدانی نهێنی تەواوەوە رێکدەخرێت . هەڵبژاردنەکە لە رێگا ی خۆ پالاوتن و هەڵبژاردنی فەردی یەوە ئەنجام دەدریٚ .

**ماددەی دووەم :**

دەستەیەکی بالاٚ پێکدەهێنریٚ کە رێکخستنی ئیش وکاری هەڵبژاردنی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمدا لە ئەستۆ دەگریٚ و ، ئەو دەستەیە بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی وەزیری ناوخۆ و وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزیری داد وسەرۆکی داواکاری گشتی وپارێزگارەکانی هەرێم و نوێنەرێکی دەستەی ئامار لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێك دەهێنرێت .

**ماددەی سێیەم :**

دەستەی بالاٚی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی شارەوانی بە سەرۆکایەتی قازییێك لە سنفی یەکەم یا دووەم و ئەندامێتی سەرۆکی داواکاری گشتی یا ئەو کەسەی کە نوێنەراتی دەکات و نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و نوێنەرانی پارێزگاکان پێکدەهێنرێت و ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگریٚ :

١. دەستنیشان کردنی ناوچەکان و بنکەکانی هەڵبژاردن .
٢. پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچەکان و بنکەکانی هەڵبژاردن بە سەرۆکایەتی قازییێك یا ئەندامێکی داواکاری گشتی یا لێکۆڵەرێکی دادی و ئەندامێتی نوێنەرانی کارگێڕیو ئامادەبوونی نوێنەرانی پاڵێوراوان بۆ سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەو شوێنانەدا .
٣. دەرکردنی ڕێنوێنی بۆ ئاسان کردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن .

**ماددەی چوارەم :**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

شارەوانی سەنتەری هەر پارێزگاو شارۆچکەو هەر شارەوانیەکی دیکە بە سنووری یاسایی خۆیانەوە ، بە یەك ناوچەی هەڵبژاردن دادەنرێن.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم :**

ڕۆژی هەڵبژاردن بە بڕیارێکی دەستەی باڵا دەست نیشان دەکرێت و بە لای کەمەوە پێش یەك مانگ لە هەڵبژاردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بۆ هاووڵاتیان بڵاو دەکرێتەوە .

**ماددی شەشەم :**

بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن لیستەکانی ناوی دەنگدەران و پیشەو ناونیشان و شوێنی لە دایك بوونیان بە پێی بنکەکانی هەڵبژاردن ئامادە دەکرێت ، ناوەکان بە گوێرەی پیتی ئەلف و بێ ڕێك دەخرێن ، چەندین دانە لەو لیستانە بۆ لیژنەی ناوچە ڕەوانە دەکرێن ، ئەگەر ئەمەش نەکرا دەستەی باڵا بۆی هەیە ڕێگایەکی دیکەی گونجاو بۆ هێنانە دی ئەم مەبەستە دیاری بکات .

**ماددەی حەوتەم :**

بنکەکانی هەڵبژاردن ، لەسەر بنچینەی لیستەکانی ئەحوالی مەدەنی ، کارتی دەنگدان بۆ هەموو هاووڵاتیەك دابین دەکەن ، کە ( ١٨ ) هەژدە ساڵی تەواو کردبێ‌و ، شێوەی کارتەکە لە ڕێگای بەیاننامەیەکی دەستەی باڵاوە دیاری دەکرێت ، بە مەرجێ دەنگدەر لە کاتی دەنگداندا بەڵگەنامەیەك نیشان بدا ، کە پشتگیری ناسنامەکەی بکات .

**مادەی هەشتەم :**

هەر هاووڵاتییەکی پارێزگاکانی هەرێم ، پیاو یا ئافرەت ، بۆی هەیە دەنگ بدا یا خۆی هەڵبژێرێ ، ئەگەر ئەو هەڵومەرجانەی تێدا بێ کە لە یاسای ژمارە (٦ )ی ساڵی (١٩٩٣)دا هاتوون ، بە مەرجێ کە دانیشتووی ئاسایی سنووری شارەوانییەکە بێ .

**ماددەی نۆیەم :**

هەر کەسێ بیەوێ خۆی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵبژێرێ ، دەبێ لە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ڕۆژی ڕاگەیاندنی مەوعیدی هەڵبژاردن ناوی خۆی پێشکەشی سەرۆکی دەستەی باڵا بکات لە گەڵ بەڵگەنامەی پێویست بۆ پشتگیری کردنی ناسنامەکەی .

**ماددەی دەیەم :**

دەستەی باڵا لە ماوەی (٤٨) سەعات دوای پێشکەش کردنی داواکارییەکە سەیری داواکە دەکات و ، لە ماوەی (٣) ڕۆژ دوای وەرگرتنی داواکە بڕیاری خۆی بەو کەسە ڕادەگەیەنێ کە داوای خۆپاڵاوتنی کردووە.

**ماددەی یازدەهەم :**

ئەو کەسەی کە داوای خۆپاڵاوتنی کردووە ، بۆی هەیە لە ماوەی دوو ڕۆژ دوای دەرچوونی بڕیاری دەستەی باڵا ، لە بەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەدا تانە لە بڕیارەکە بدات ، دادگای تێهەڵچوونەوەش بە سیفەتە تەمییزیەکەی لە ماوەی دوو ڕۆژدا دوا بڕیار دەربارەی ئەم تانەیە دەدات .

**ماددەم دوازدەهەم :**

دەستەی بالاّ لە دەزگا جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندندا لیستی پالێوراوان ڕادەگەیەنێ‌و ، بە لای کەمەوە (١٥) ڕۆژ پێش ڕۆژی دەنگدان لەهەر بنکەیەکی هەڵبژاردن لە سنووری ناوچەی هەڵبژاردندا لیستەکان هەڵدەواسیّ .

**ماددەی سێزدەهەم :**

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئازادە لە سنووری یاساو نیزامی گشتی‌و ئادابداو ، دیعایەکە لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی لیستی پالێوراوان دەست پێدەکات و ، (٢٤) سەعات پێش دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان کۆتایی دێت .

**ماددەی چواردەهەم :**

دەستەی بالاّ ڕێنوێنی دەردەکات بۆ دیاری کردنی شێوەو قەوارەی سندوقەکانی دەنگدان و شێوەی داخستن و کردنەوەیان .

**ماددەی پازدەهەم :**

سەرۆکی لیژنەی بنکەی هەڵبژاردن ئەرکی پاراستنی نیزام لە بنکەکەیدا لە ئەستۆ دەگریّ و ، بۆی هەیە ئەوەی پێویستە بۆ مسۆگەر کردنی باش بەڕێوەچوون و سەلامەتی هەڵبژاردن ئەنجامی بدات .

**ماددەی شازدەهەم :**

پرۆسەی دەنگدان سەعات (٨)ی بەیانی دەستپێدەکات و سەعات (٨)ی ئێوارە کۆتایی دێت. دەستەی بالاّ دەتوانیّ لەسەر داوای لیژنەی بنکەی هەڵبژاردن ماوەی دەنگدان بۆ دوو سەعاتی دیکە درێژ بکاتەوە لە هەر بنکەیەك ، کە بارودۆخی پرۆسەی دەنگدان ئەمە بخوازیّ .

**ماددەی حەڤدەهەم :**

بە کۆتایی هاتنی ئەو کاتەی کە بۆ دەنگدان دیاری کراوە ، سەرۆکی لیژنەی بنکەکان کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیەنێ‌و ، ئەمەش لە کۆنووسی هەڵبژاردنەکاندا تۆمار دەکرێت و سندوقەکان دەکرێنەوەو ، دەنگەکان بە ئاشکرا لە یەك جیادەکرێنەوە .

**ماددەی هەژدەهەم :**

أ- ئەو کارتانەی خوارەوە ڕەت دەکرێنەوە :

١. ئەو کارتەی کە مۆری لیژنەی بنکەی هەڵبژاردنی پێوە نەبێت .

٢. ئەو کارتەی کە هیچ نیشانەیەکی تێدا نەبیّ .

ب- هەر ناوێك کە گرفت و گومان لە دیاری کردنی کەسی هەڵبژێردراو دروست بکا ڕەت دەکرێتەوە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ج- ئەگەر لە کارتی هەڵبژاردن پتر لە ژمارەی پێویست دەست نیشان کران ، ئەوا بە پێی زنجیرەی ناوەکان ، ژمارەی دیارکراو وەردەگیرێت و ئەوانی دی پشت گوێ دەخرێن .

**ماددەی نۆزدەهەم :**

١. لیژنەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن کۆنووسی ئیمزا کراو سەبارەت بە ئەنجامدانی دەنگدان لە بنکەکاندا رێك دەخەن ودەیخەنە ناو زەرفی داخراوی مۆرکراو ودەیدەن بەلیژنەی ناوچە.

٢. لیژنەی ناوچە دوای کۆکردنەوەی ئەنجام وبەڵگە نامەکان لە بنکەکانەوە ، کۆنووسێکی ئیمزا کراو ئامادە دەکات و دوای مۆرکردنی بە مۆری ناوچە تەسلیم بە لیژنەی سەرپەرشتی دەکات وئەویش دەیدات بە لیژنەی باڵا .

**ماددەی بیستەم :**

پاڵێوراو دەتوانی لەلای دەستەی سەرپەرشتیار ناڕەزایی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن وئەنجامەکەی لە دائیرەی هەڵبژاردنی خۆیدا دەرببڕێ ، ئەویش بەوەی کە لە ماوەی (٣ ) رۆژی دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردندا داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بکات و، بۆشی هەیە لە ماوەی دوو رۆژدا تانە لە بڕیاری دەستەی باڵا بدات لە بەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتە تەمییزییەکەی و ، دادگاش دەبێ لە ماوەی (٥ ) رۆژدا بڕیاری خۆی لە سەر بدات .

**ماددەی بیست و یەکەم :**

دەستەی باڵا ناوی ئەو کەسانە رادەگەیەنێ کە بە سەرۆك وئەندامی ئەنجومەنەکانی شارەوانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەردەچن و ، لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار پێویستە کە ، بەپێی یاسا ئەمە جێبەجێ بکات .

**ماددەی بیست و دووەم :**

وەزارەتەکان دەبێ ئەم نیزامە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی بیست و سێیەم :**

ئەم نیزامە لە هەولێر دەرچووەو لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ .

**سامی عبدالرحمن**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**